# مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا

## (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)

**ID No. 282**

(PP 34 - 50)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.3

**ئومێد سەمەد ئەحمەد**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر

omed. ahmad@su.edu.krd

**بەدرخان سلێمان عەلی**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر

badrkan.ali@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/04/21**

**پەسندکردن : 2022/07/03**

**بڵاوکردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، کارێکی بەراوردکارییە، بۆ باسکردنی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا تەرخانکراوە، دەیەوێت مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی کە لەگەڵ ناو بەکاردێن لە هەردوو زمانەدا بخاتەڕوو، توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت:(مۆرفیمە بەند، جۆرەکانی مۆرفیمی بەند (گیرەك، بنکەی بەند، نووسەك)، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردیدا، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی ئینگلیزییدا)لەکۆتایشدا ئاماژە بە گرنگترین خاڵە لێکچوون و جیاوازەکانی نێوان مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە هەردوو زمانەکەدا کراوە.

**کلیلە وشە:** مۆرفیمی بەند، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی، زمانی کوردی، زمانی ئینگلیزی . بەراورد.

### 1- پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا) لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، بابەتێکی مۆرفۆلۆجییە، لەچوارچێوەی مۆرفیمی بەندە، بەتایبەتی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەکان، تیایدا تەنها ئەومۆرفیمانە بەنموونە وەرگیراوە کە لەگەڵ ناو بەکاردێن..

سنوری توێژینەوەکە :سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی( زمانی کوردی- کرمانجی ناوەڕاست و زمانی ئینگلیزی)دایە، هەروەها خستنەڕووی فۆرمی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو، ئەرك و تایبەتمەندییەکانی هەر مۆرفیمێکە، خاڵی لێکچوون و جیاوازی مۆرفیمەکان لە هەردوو زمانەکەدا دەخاتەڕوو.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەیەکە ئەوەیە، بگاتە ئەم ڕاستییەی کە زمانی کوردی و ئینگلیزی، هەرچەندە لە یەك خێزانە زمانن، دەشێت بنەمای گشتی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوشدا هە زمانێك بنەمای کارکردنی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە چۆنییەتی کارکردنی مۆرفیمە بەندەڕێزمانییەکاندا، لە ڕوانگەی مۆرفۆلۆجەیێی تایبەتمەندی زمانەکە. هەروەها بەراوردکردنی ئەومۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانەیە کە لەگەڵ ناو بەکاردێن، بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی زانیاری لەسەر لێکچوون و جیاوازیان لە بەکارهێنانیاندا.

گرنگی توێژینەوەکە :لایەنێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی هەموو ئەم مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییە هاوئەرك و جیاوازانەیە کە بە فۆرمی جۆراو جۆرەوە، لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا خۆیان دەنوێنن، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە مۆرفیمەکان لەهەردوو زمانەکەدا هەیانە.

ڕێبازی توێژینەوەکە : توێژینەوەکە، بەڕێبازی( وەسفی شیکاری – بەراوردکاری)کاردەکات، گرنگترین مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو ، لە هەردوو زمانەکەدا تاوتوێدەکات.

گریمانەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە، لەسەر بنەمای ئەوگریمانەیە کاردەکات، کە خاڵی لێکچوون و جیاواز  لە نێوان مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا هەیە.

پرسیاری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە :

ـ ئەومۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانە چین کە لەگەڵ ناو  لە هەردوو زمانەکەدا بەکاردێن ؟

ـ ئایە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو توانای بەدوای یەکداهاتنیان  لەسەر هەمان ناو لە هەردوو زمانەکەدا هەیە ؟

ـ چ جۆرە مۆرفیمێك لە بەرانبەر مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییە جیاوازەکان بەکاردێت کە لە زمانێکداهەیە، لە زمانەکەی دیکە نییە؟

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:   توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بە گشتی ئەم بابەتانە لە خۆدەگرێت: (مۆرفیمی بەند، جۆرەکانی مۆرفیمی بەند (گیرەك، بنکەی بەند، نووسەك)، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردیدا ، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا، لێکچوون و جیاوازی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا).

**2-مۆرفیمی بەند:**

زمانەوانەکان مۆرفیمیان  بەسەر دوو جۆر دابەشکردووە، مۆرفیمی(سەربەخۆ، بەند)، ئەم دوو جۆری مۆرفیم هەریەکێکیان بۆ چەند جۆرێکی تری مۆرفیم دابەشکراون، کەواتە یەکێك لە جۆرەکانی مۆرفیم مۆرفیمی بەندە،  ئەم مۆرفیمەش ناوەکەی لە خۆیەتی، واتە خاوەن ڕواڵەتێکی سەربەخۆ نییە. مۆرفیمی بەند بەو مۆرفیمانە دەگوترێن کە ناتوانن وەك دانەیەکی سەربەخۆ دەربکەون و بەکاربێن، بەڵکو بە وشەیەك یان مۆرفیمێکی تر دەلکێن،(سەعید، 2013: ل 9)، یان بەومۆرفیمانە دەگوترێن، بەتەنها وەك دانەیەکی سەربەخۆ ناتوانن دەربکەون، بەڵکو لە شێوەی مۆفیمی بەنددا دەردەکەون و پێویستیان بە مۆرفیمی تر هەیە، بۆ ئەوەی دەربکەون و بەکاربێن، واتە لە ڕێگەی لکانیان بە بنکەیەکەوە دەتوانن واتا و ئەرکی خۆیان پیشانبدەن(محەمەد، 2016: ل 5) ، مۆرفیمە بەندەکانیش بە چەند جۆرێك دەردەکەون:

**أ-بنکەی بەند**

ئەو مۆرفیمانەن کە زۆربەی واتای وشەیان تێدا کۆبۆتەوە، هەڵگری واتای گشتین، دوای لابردنی گیرەك و نووسەك دەستدەکەون، یان بچوکترین بنکەی وشەن کە مانای سەرەکی وشە هەڵدەگرن( مارف، 1987: ل 30)، یان بەو مۆرفیمە بەندانە دەگوترێن، کە دەبنە بنکە بۆ دروستکردنی وشە، واتە ئەم جۆرەیان لە شێوەی ڕەگی وشەدا دەبینرێن، واتای سەرەکی وشە، یان مۆرفیم لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، هەروەها ئەو مۆرفیمانەی کە گیرەکەکانیان پێوە دەلکێن، مۆرفیمی بنکەیان پێدەگوترێت، مۆرفیمی بنکەش دەشێت سەربەخۆ بێت، یان بەندبێت، بۆ نموونە مۆرفیمی (دار) سەربەخۆیە لە هەریەکێك لەم وشانەدا، وەك: ( دارستان، دارەکە، دارەوان،....هتد)، بەڵام مۆرفیمی ( نووس) لە هەریەکێك لەم نموونانەدا مۆرفیمی بەندە، وەك: (نووسەر، دەستنووس، نووسراو........ هتد)( خۆشناو، 2016: ل 99).

**ب-نووسەك**

زاراوەی نووسەك لە زمانی کوردیدا بەرانبەر (Clitics )ی زمانی ئینگلیزی دەوەستێت، جۆرێکە لە مۆرفیمی بەند، جیاوازە لە گیرەك و بنکەی بەند، نووسەك بە جۆرێك لە جۆرەکانی وشە هەژماردەکرن، کە بەکارهێنانی سەربەخۆی نییە وەکو گیرەکەکان،  بە وشەی پێش، یان دوای خۆیەوە دەچەسپێن، بەپێچەوانەی گیرەك، وەك بەشێك لەپێکهاتەی وشەکەدا دانانرێن، بۆیە نووسەك وەك وشەیەکی سینتاکسی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت، واتە سیمای وشەیە لە پێشاندانی ئەرکی سینتاکسی و ڕێزمانیدا بەوەی کە ئەرکی جیاجیایی وەکو(بکەری، بەرکاری،.....هتد) دەبینێت، زۆرجاریش دەوترێت کوتکراوەی وشەیە(هەمان سەرچاوە، 2016: 102)، هەروەها لە زمانی کوردیدا جێناوەکان خراونەتە خانەی نووسەکەوە، نووسەك بەزۆری خاوەنی دوو فۆرمە، یان لە دوو شێوە یان زیاتر دەبینرێن، واتە بە زۆری خاوەنی دوو فۆرمن، فۆرمێکیان پڕە، فۆرمێکی تر کورتکراوە( فەتاح، قادر، 2003: ل 33) وەك:

من یاریەکەم بردەوە.

↓ ↙

فۆرمی پڕ     فۆرمی کوتکراوە

**ج- گیرەك:**

زاراوەی گیرەك لە زمانی کوردیدا بەرانبەر (Affix)ی ئینگلیزی بەکارهاتووە، گیرەك ئەو مۆرفیمە بەندانەن، بۆ گێڕانی ئەرکێکی ڕێزمانی یان دروستکردنی وشەیەکی نوێ دەچێتەسەر وشەیەك (مارف، 2014: ل52)، یان بەم مۆرفیمە بەندانە دەگوترێن بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەرناکەون، بەڵکو بەجۆرەکانی تری مۆرفیمەوە( ڕەگ، قەد، بنج) بەندن (محمد، 2019: ل72)، کاتێك دەلکێن پێیانەوە بایەخەکانیان بەدیاردەکەون، دەبنە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ، یان ئەرکێکی ڕێزمانی دەبەخشن.

گیرەك لەڕووی شوێنی پێوەلکان بە وشەکانەوە بە چوار شێوە دەردەکەون، وەك:( پێشگرو پاشگرو ناوبەند و جووتەگیرەك)، بەڵام لەڕووی ئەرکەوە بەسەر دوو جۆر دابەشدەبن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**أ- مۆرفیمی بەندی وشەدارێژ:**

بەو مۆرفیمانە دەگوترێن کە دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشەکان، کاتێك لەشێوە پێشگر، یان پاشگر دەچێتەسەر وشەیەك و پێوە دەلکێن دەبنە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە و واتایەکی نوێ پەیدا دەبێت، ئەم جۆرە مۆرفیمە بەحاڵەتی ڕێزمانی پەیوەستنین ، بەڵکو بە ڕۆنانی وشەوە پەیوەستن ، کە دەبنە هۆی دروستکردنی وشەی نوێ بۆ فەرهەنگی زمان و لە کۆتاییدا دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و پڕکردنەوەی پێداویستییە وشەییەکانی ئاخێوەران، مۆرفیمە وشەدارێژەکان کۆمەڵەیەکی فراوانن، ژماریان لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکان زیاترە، ئەرکیان دروستکردنی وشەیە بە واتای نوێ، یاخود ئەم مۆرفیمانە دەچنەسەر مۆرفیمی تر بۆ دروستکردنی وشەی نوێ و خاوەن واتای نوێ( ئەمین، 2011: 3)، وەك:

برا+ یەتی = برایەتی

**ب - مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی:**

ئەوجۆرە مۆرفیمانەن لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا ئەرك دەبینن، کاتێك کە دەچنەسەر مۆرفیمێك شێوەکەی دەگۆڕن و ئەرکێکی ڕێزمانی پێدەبەخشن، بەڵام نابێتە هۆی گۆڕینی واتای مۆرفیمەکە یان وشەکە، یاخود گۆڕینی بەشەئاخاوتنی وشەکە(شوانی، 2011: ل90). ئەم جۆرە مۆرفیمە بەهۆکاری پێکەوەبەستنی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی وسیتاکس ناسراوە، هەڵگری چەمك و واتای ڕێزمانین، لە داڕشتنی فرێزو ڕستەکاندا بەشداریدەکەن، بۆ گۆکردن و ئەرکی سینتاکسی(عەلی، 2014: 200)، ئەو جۆرە مۆرفیمانە لە شێوەی بەنددان، واتە ناتوانن بەشێوەی سەربەخۆ بەکاربێن، بەڵکو بەمۆرفیمی سەربەخۆ و بنج و ڕەگەکانی زمانەوە دەلکێن ، بەمەش هەرکاتێك دەچنە سەر وشەو بنج و ڕەگ، حاڵەتی ڕێزمانی جیاواز پێکدەهێنن(مارف، 1987: ل33). ئەو مۆرفیمانە بریتین لە نیشانە وەك پێشگروپاشگر بەسەرەتاو کۆتایی وشەوە دەلکێن(مارف،2004: ل346)، کەواتە بە دوو شێوە دەردەکەون، لە شێوەی پێشگر وەك (مۆرفیمی نەرێکردن، کاتی ڕابردوو، نیشانەی داخوازی،.....هتد) لە شێوەی پاشگر وەك( مۆرفیمی ناسراوی، نەناسراوی، کۆ،.......هتد)، ئەم جۆرە مۆرفیمانە بەکارهێنانیان پێوانەییە( قیاسی)یە، واتە کەمتر حاڵەتی ناوازە دروستدەبێت لەبەکارهێنانیاندا(حەمید، 2015: ل63)، چونکە ئەم مۆرفیانە پێشبینی سنوری ئەرکەکانیان دەکرێن لە بەکارهێناندا، ئەم مۆرفیمانە پۆلێك پێکدێنن، هەرزمانێك پۆلێکی دیاریکراوی هەیە، ئەرکی ڕێزمانی دەنوێنن و سیمای ڕێزمانی وەك( ژمارە، کات، دۆخ، رووکار، دیارونادیار،...هتد) دەخەنەڕوو، بە دیاریکراوی ئەم مۆرفیمانە لە ناو پۆلە داخراوەکاندا ئەرکی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان بەرجەستە دەکەن، بە کەرستەکانی شکاندنەوە(Inflection) یان مۆرفۆسینتاکس ناوبراون(حسەین، 2012: ل 10 ) ئەم جۆرە مۆرفیمانە ئەرکیان ئاماژەکردنە بۆ پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، لەڕووی بەکارهێنان و پێوەلکانیاندا بە (ناو، کردار، هاوڵناو)، ئەرکی ڕێزمانی جیاوازیان هەیە، واتە هەر یەکێکیان بناغەیەکی تایبەتی بۆ پێوەلکانیان هەیە ، ئەمەی بە توێژینەوەکە پەیوەستە ، ئەم مۆرفیمە ڕێزمانیانەن کە پۆلی ناو هەڵدەبژێرن.

**3- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردیدا:**

ناو یەکێکە لە بەشەئاخاوتنەکانی زمانی کوردی، کە بۆ ناونانی گیاندارێك، بێگیانێك، بیرێك، یان ڕووداوێك دەردەبڕدرێن،" پۆلێکی سەرەکی وشە فەرهەنگییەکان پێکدێنن، شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە لەڕەفتارکردندا، بەتایبەتی ڕەفتاری مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی کە بەگۆڕینی فۆرم وپێکهاتەی ناوی گشتی، چەند کردەیەکی ڕێزمانی دەردەکەون"( قادر، 2003:ل 28)، واتە کاتێك مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لەگەڵ ناو بەکاردێن، چەند نیشانەیەکی ڕێزمانی وەك ناسنامەی پۆلی ناو دەخاتە بەردەستی ئاخێوەرانی زمانەکە، لە ڕێگەی ئەم مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانە پۆلی ناو لە پۆلەکانی تری ئاخاوتن جیا دەکنەوە، وەك:

**أ-مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناساندن:**

لە زمانی کوردیدا چەمکی ناساندن و دیاریکردن بە چەندین فۆڕم وشێوازی جیاواز دەردەبڕدرێن، جا بەهۆی فۆڕمی سەربەخۆ، یان فۆرمی بەندی ڕێزمانییەوە بن، هەریەکێکیش لەم فۆڕمانە تایبەتن بەسنورو ژینگەیەکی دیاریکراو، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- مۆرفیمی سەربەخۆی نیشانە...................... ئەم کتێبە
- بەهۆی دیارخەرەوە.................... دایکی نازدار
- جێناوی خۆی لە ئەرکی دیارخەردا.................. باوکی خۆم
- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندن............................ کوڕەکە (مستەفا، 2019:ل 60)

ئەگەر سەیری ئەم نموونانە بکەین هەریەکێکیان چەمکی ناساندن و دیاریکردنیان گەیاندووە، بەڵام ئەمەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە توێژینەوەکەوە هەیە، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندنی (ەکە)یە، کردەی ناساندنی ناو" کردەیەکی زمانییە، بریتییە لە ئاشکراکردن یان دەرخستنی ناوێکی گشتی لە ناو پۆلەکەیدا، بەپێی تایبەتێتی جیاکەرەوەی خاوەن ناو، کە پێشتر قسەکەر و گوێگر دەیزانن"( قادر، 2003: ل28)، هەروەها لە زمانی کوردیدا (ەکە، ە) نیشانەی ناسیاوین (مارف، 1979: ل188)،

لە زمانی کوردیدا ئەم مۆرفیمە(ەکە) جگە لە چەمکی ناساندن، هەڵگری چەمکێکی ترە لە هەمان کات و دەورووبەردا، چەمکی ژمارەیی تاکە، هەموو ئەم ناوە گشتیانەی ئەم مۆرفیمە وەردەگرن، دەبنە ناسراوی و تاك(خۆشناو، 2016: ل251) وەك:

- دار(گشتی) + /- ەکە/ = دارەکە(ناسراو،تاك)
- ماڵ(گشتی) + /- ەکە/ = ماڵەکە(ناسراو،تاك)

هەر چەندە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی(ەکە) بەگشتی بنکەی ناو دەبێت، بەڵام هەندێك لە زمانەوانەنەکان پێیانوایە ئەم مۆرفیمە تەنها تایبەت نییە بەناو، لەگەڵ هاوڵناو وچاوگیشدا، دەتوانن هەمان چەمك و ئەرك وەربگرن و وەکو ناو کاربکەن(مەعروف،قادر، 2006: ل55)، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندن دەتوانن لەگەڵ هاوڵناو بەکاربێن، وەك:

جوان + ەکە = جوانەکە

باش + ەکە = باشەکە

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندن(ەکە) دەتوانێت لەگەڵ چاوگیشدا بەکاربێت، چونکە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی چاوگ دەتوانن وەك ناو بەکابێن، هەموو تایبەتییەکانی ناو وەربگرن.وەك:

سوتان + ەکە = سوتانەکە سوتانەکەم بە ئازارە.

هاتن + ەکە = هاتنەکە هاتنەکەتانم بەدڵ نیە.

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندن(ەکە) کاتێك دەچێتە سەر بناغەیەك، بەپێ ژینگەی پێکەوەهاتنی دەنگەکان زۆرجار لەڕووی فۆرمەوە هەست بە جیاوازی دەکرێت و بە چەند فۆرمێك دەردەکەون1، هەر یەك لەم فۆرمانەدا دەبنە ئەلۆمۆرفی ئەم مۆرفیمە، چونکە "ئەلۆمۆرفەکان شێوەی جیاوازەکانی هەمان مۆرفیمن، دەرکەوتنی لەژینگەی دەوروبەری جیاوازدا ئەم شێوە جیاوازانەی پێبەخشیون"( فەتاح، قادر، 2006: ل16) بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- منداڵ + ەکە = منداڵەکە
2- چەقۆ + ەکە = چەقۆکە
3- چرا + ەکە = چرایەکە
4- کورە هات

ئەگەر سەیری نموونەکان بکەین، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناساندن(ەکە) پتر لە فۆرمێکی هەیە، هۆکاری ئەم حاڵەتەش بە زۆری دەدرێتەپاڵ دیاردە فۆنۆلۆجییەکان، زۆربەی بەکاریگەری سەرەتای مۆرفیمەکە و دوا دەنگی ناوەکە ڕووبەڕوی گۆڕان بوونەتەوە، بەم شێوەیە:

لەنموونەی (1)دا مۆرفیمی ناساندن(ەکە) فۆرمی تەواوی خۆی وەرگرتووە، بەبێ هیچ گۆڕانێك چووەتەسەر ناوەکە، چونکە" ئەگەر ناوێك کۆتایی بەدەنگی کۆنسونانت هاتبوو، مۆرفیمی (ەکە)ی پێوەدەلکێنرێت، بێ ئەمەی هیچ زیادو کەمییەك دروست بێ"( مارف، 1979: ل189)، بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆکرایەوە دوایی ناساندن، مۆرفیمی ناساندن(ەکە) دەگۆڕێت بۆ(ەك)، چونکە مۆرفیمی کۆیی)ان)

1 بەگشتی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی کە بە ڤاوڵ دەستپێدەکان، یان بە ڤاوڵ کۆتایی دێن، لە زمانی کوریدا فۆرمەکانی دەگۆڕن. کەوانە ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەی ڤاوڵی تێدایە فۆرمەکەی دەگۆڕێن، ئەگەر مۆرفیمەکە تەنیا ڤاوڵ بن، ئەوە لە هەندێك باردا دەبنە(سفر).


بەڤاوڵی( ا ) دەستپێکردووە، کاردەکاتە سەر مۆرفیمی پێش خۆی، دوادەنگی مۆرفیمی ناساندن(ە) تیادەچن،وەك: مندالّەکان> مندالّ +ەکە+ ان

لە نموونەی (2)دا مۆرفیمی ناساندن لە شێوەی(کە)دا خۆی دەنوێنێت، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دوادەنگی ناوەکە، کۆتایی بە ڤاوڵ هاتووە، ڤاوڵی(ە) ناساندن تیادەچێت، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو ڤاوڵ بەدوای یەکا نایەن، بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆکرایەوە دوایی ناساندن، مۆرفیمی ناساندن(کە) دەگۆڕێت بۆ(ك)، لەبەر ئەمەی مۆرفیمی کۆیی(ان) بە ڤاوڵی(ا) دەستپێکردووە، کاردەکاتە سەر مۆرفیمی پێش خۆی، دوادەنگی مۆرفیمی ناساندن(ە) تیادەچێت،وەك: چەقۆکان> چەقۆ + کە + ان

لە نموونەی (3)دا مۆرفیمی ناساندن لە شێوەی(یەکە)دا خۆی دەنوێنێت، کە یەکێکی ترە لە ئەلۆمۆرفەکانی ناسراوی، دەنگی (ی) لەنێوان کۆتایی ناوەکەو سەرەتای مۆرفیمی ناساندن پەیدابووە، بۆ جیاکردنەوەی ڤاوڵی کۆتایی ناوەکە لەگەڵ ڤاوڵی سەرەتای مۆرفیمی ناساندن، تا دوو بزوێن بە دوای یەکەوە نەیەن ، بەڵام ئەگەر ناوەکە کۆکرایەوە دوایی ناساندن، ئەمە مۆرفیمی ناساندن(یەکە) دەگۆڕێت بۆ(یەك)، کە ئەلۆمۆرفێکی تری ناساندنە، لەبەر ئەمەی مۆرفیمی کۆیی(ان) بە ڤاوڵی)ا( دەستپێکردووە، کاردەکاتە سەر مۆرفیمی پێش خۆی، دوادەنگی مۆرفیمی ناساندن(ە) تیادەچێت. وەك: چرایەکان> چرا + یەکە + ان

لە نموونەی (4)دا مۆرفیمی ناساندن لە شێوەی(ە)دا خۆی دەنوێنێت، کە هەندێك لەزمانەوانان بەمۆرفیمێکی تایبەتی ناساندن دایدەنێن، نایکەنە ئەلۆمۆرفی ناساندنی(ەکە)، "مۆرفیمی(ە) مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە، دەچێتە کۆتایی فرێزە ناوییەکە و ئەرکی ئاماژەی رووت دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کەدەچێتە سەری"( تۆفیق، 2012: ل108)، بەڵام بە بەراوردا لەگەڵ مۆرفیمی (ەکە)، لە سنورێکی زۆر کەمر

بەکاردێن، بە سەرنجدان و شیکردنەوەی لەمر نموونانەی خوارەوەدا، دەتوانرێت مۆرفیمی ناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی ناسراوی بەمر شێوەیە بخرێنەڕوو:




**ب- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نەناسراوی**

ئەمر مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا چەمکی نادیاری و دەرنەخستن بەناوەکان دەبەخشن، بە نەناسراوی دەردەکەون، لەناو پۆلە گشتییەکەدا جیای ناکاتەوە ، حاڵەتێکی ڕێزمانی بەناوەکە دەبەخشن، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا (ێك) ، ئەمر مۆرفیمە"دەچێتە کۆتایی فرێزە ناوییەکە و ئەرکی دیاریکردنی ئاشکرانەکراو دەبەخشێت بەو فرێزە ناوییەی کە دەچێتەسەری"( تۆفیق، 2012:ل 108). هەروەها "تایبەتی ئەمر مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا لەوەدایە، جگە لە نەناسراوی، تاکیش پیشاندەدات"( مارف، 1979:ل 203)، کەواتە هەڵگری دوو چەمکە لەیەك کاتدا، چەمکی نەناسراوی و چەمکی تاك، بەڵام مەرج نییە هەموو کاتێك مۆرفیمی نەناسراوی هەڵگری دوو چەمکبن، کاتێك مۆرفیمی بەندی نەناسراوی لەگەڵ مۆرفیمی کۆی (ان) دەچنەسەر بناغەیەك، بناغەکە مۆرفیمی کۆ وەردەگرێت، دواتر مۆرفیمی نەناسراوی (محەمەد، 2008:ل 48-49)، بەمەش مۆرفیمی نەناسراوی چەمکی تاکی لە دەستدەدات، تەنها چەمکی نەناسراوی دەمێنێت، وەك:

- پیاو + ان + ێك > پیاوانێك


فۆرفیمی نەناسراوی لەبەکارهێنانیدا، تاڕادەیەکی زۆر شێوەیەکی چەسپاوی هەیە،" هەرچەندە دیارخەری تر بخرێتە سەر، شوێنی مۆرفیمی (ێك) چەسپاو و نەگۆڕە، بۆیە دەتوانین بڵێین مۆرفیمی نەناسراوی سیفاتی گیرەکی تێدا زاڵە، "( خۆشناو، 2016: ل261)، بەمر شێوەیەی خوارەوە:

– کوڕێك ← کوڕێکی قۆز ← کوڕێکی قۆز و باش هات.

بەگشتی بنکەی ئەمر مۆرفیمە ناوی گشتییە، بەڵام هەندێکجار دەچێتەسەر بەشەئاخاوتنی تر، وەك(هاوڵناو، جێناوی سەربەخۆ) بۆنموونە:

- جوانێك هات.
- منێك كە چەندین ساڵە خەریكی خوێندنم.

نیشانەی سەرەكی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی نەناسراوی لە زمانی كوردیدا (ێك)، بەڵام بەهۆكاری فۆنۆلۆجی و ئیكۆنۆمی لەدەربڕیندا، چەندین ئەلۆمۆرفی دەبێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:




ئەگەر سەرنجی ئەم نموونانەبدەین:

1- دارێك
2- مامۆستایەك
3- كوڕەك
4- پیاوێ

ئەگەر سەیری ئەم نموونانە بكەین، لە نموونەی (ا)دا مۆرفیمی نەناساندن لە شێوەی(ێك)دا دەركەتووە، فۆرمی تەواوی خۆی وەرگرتووە، بەبێ هیچ گۆڕانێك چوونەتەسەر ناوەكە، چونكە" ئەگەر ناوێك كۆتایی بەدەنگی كۆنسونانت بێت، ئەمە (ێك)ی بەڕەوانی پێوەدەلكێنرێت، بێ ئەمەی هیچ زیادو كەمییەك بێتە گۆڕێ"( مارف، 1979:ل 204).

لە نموونەی (2)دا مۆرفیمی نەناساندن لە شێوەی(یەك)دا خۆی دەنوێنێت، دەبێتە یەكێك لە ئەلۆمۆرفەكانی نەناساندنی(ێك)، ئەم مۆرفیمە دەچێتەسەر ئەم ناوانەی كۆتاییان بە ڤاوڵ هاتووە، بۆیە بەپێی یاسا فۆنۆلۆجییەكان (ی) دەچێتە نێوان كۆتایی ناوەكە و مۆرفیمی نەناسراوی، بۆ ئەوەی دوو ڤاوڵ بە دوای یەكتردا نەیەن ( حەمید، 2015:ل 72).

ئەگەر بڕوانینە نموونەی (3) دەبینین مۆرفیمی نەناساندن لە شێوەی(ەك)دا خۆی دەنوێنێت، دەبێتە یەكێك لە ئەلۆمۆرفەكانی نەناساندنی(ێك)، بەڵام هۆكاری دروستبوونی ئەم مۆرفیمەش زیاتر بۆ شێوەزاری جیاواز دەگەڕێتەوە، نەك هۆكاری فۆنۆلۆجی، چونكە"لە دیالێكتی كرمانجی ژووروی گەلێك ناوچەی سۆراندا (ەك) نیشانەی نەناسیاوییە"( مارف، 1979: ل203)، دەچێتە سەر ئەو ناوانەی كە بە كۆنسونانت كۆتاییان هاتووە.

لە نموونەی (4)دا مۆرفیمی نەناساندن لە شێوەی(ێ)دا خۆی دەنوێنێت، ئەم مۆرفیمە بەڕای هەندێك لە زمانەوانان بە مۆرفیمێكی تری نەناسراوی دادەنرێت، كە "كورتكراوەی (ێك)ە بۆتە(ێ)"(سەرچاوەی پێشوو، 1979: ل203)، هەروەها دەنگی(ك)ی كۆتایی تیاچووە، چونكە" ئەو دەورووبەرەی كە تیایدا دەردەكەوێت، هەمان ئەم دەورووبەرەی كە مۆرفیمی (ێك) تیادەردەكەوێت. جا دەورووبەری زمانی بێت یان دیالێكت و شوێنی قسەپێكەران، بۆیە ناكرێت، بە ئەلۆمۆرف دایبنێن، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی زمانەوانان لەسەر ئەمە كۆكن كە كورتكراوەی (ێك) بێت"( خۆشناو، 2016: ل263).

**ج- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەكانی كۆ**

یەكێك لە حاڵەتە ڕێزمانییەكانی تایبەت بەناو، كۆكردنەوەیە، كە لە زۆربەی زمانەكاندا دەبینرێت، لە زمانی كوردیدا گەیاندنی چەمكی كۆ بە چەندین شێواز دەردەبڕدرێن، لە ڕێگەی مۆرفیمە سەربەخۆكانی ( ڕادە، ژمارە، جێناوی نادیاری، ناوی كۆمەڵ)، وەكو( دوو، هەندێك، زۆر، هەموو....هتد)، هەروەها لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەكانیش دەبێت، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەكە هەبێت، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەكانن، دەچنەسەر ناو، ناوی تاك دەگۆڕن بۆ كۆ.

مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەكانی كۆ، لە زمانی كوردیدا بە چەندین فۆرمی جیاواز دەبینرێن، هەندێك لەم فۆرمانە زمانەوانان بە فۆرمی سەرەكیان داناون، هەندەكەی تر لاوەكین، چونكە بەكارهێنانیان سنوردارە، تەنها لە چەند دەورووبەرێكدا بەكاردێن، مۆرفیمی كۆیی(ان) وەك مۆرفیمێكی سەرەكی دانراوە، ئەوانی تر بە ئەلۆمۆرف یان هاوواتایی مۆرفیمی(ان) دانراون، لە توێژینەوەكەدا هەوڵدراوە مۆرفیمی كۆ و ئەلۆمۆرفەكانی لەم نموونانەدا بخەینەڕوو:

1- پیاوان، ژنان

2- ئەستێران، پەنجەران

3- چرایان، چەقۆیان

4- باخات، ماڵات

5- میوەهات، دێهات

6- ئاغاوات، سەوزەوات

7- میوەجات، سەوزەوات

8- ساڵەها، هەزارەها

9- سەدها، رۆژها

10- دەیەها

11- کورەگەل، مێگەل

لەو نموونانەی سەرەوەدا، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ بە چەندین فۆرمی جیاواز دەرکەوتوون، هەریەکێکیان تایبەتە بەژینگەی جیاوازی( فۆنۆلۆجی، ڕێزمانی).

لە نموونەی(1) دا مۆرفیمی کۆی(ان) بە بێ هیچ گۆڕانێك چۆتە سەر ناوەکە، کردووینی بە کۆ، ئەمەش لەوناوانەدا ڕوودەدەن، کە کۆتاییان بە کۆنسونانت هاتووە، بەڵام ئەگەر ناوەکە بە ڤاوڵی(ە) کۆتایی هاتبوو، ئەوە ڤاوڵی(ە) تیادەچێت لە کاتی کۆکردنەوەدا(محەمەد، 2008: ل46- 47) وەك نموونەی(2).

لە نموونەی (3)دا، مۆرفیمی کۆ لەشێوەی (یان) دەرکەوتووە، بۆتە یەکێك لە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفیمی کۆیی(ان)، چونکە هەرکاتێك کۆتایی ناوەکە بە ڤاوڵی( ا، ی، ۆ، ێ) هات، نیشانەی کۆیی(ان) بۆ زیادکرا، ئەوە دەنگی (ی) دەچێتە نێوان ناوەکەومۆرفیمی کۆ(فەخری، موکریانی، 1982: ل56)، بۆ ئەمەی دوو ڤاوڵ بە دوای یەکەوە نێن.

لە نموونەی (4)دا مۆرفیمی کۆ بریتییە لە نیشانەی (ات)، یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی کەچەمکی کۆ دەگەیەنێت لە زمانی کوردیدا، بەڵام زمانەوانان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەم مۆرفیمە لە زمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە، چونکە"فۆرمی (ات) کە نیشانەیەکی کۆی مێینەی زمانی عەرەبییە،لە زمانی کوردیدا چەند ناوێکی پێ کۆدەکرێتەوە"( قادر، 2003:ل 32)، هەروەها ئەم مۆرفیمە بە هۆی چەند گۆڕانێکی فۆنۆلۆجی لە شێوەی پەیدابوونی دەنگ بە چەند شێوەیەك و ئەلۆمۆرفێك دەردەکەوێت، کە هەموویان لە (ات) وەرگیراون، "هەندێکجار لە نێوان ناوەکەو نیشانەی کۆدا دەنگی(و، ج، ە) پەیدادەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی ڤاوڵ هاتبێت (مارف، 1979: ل203)، وەکو نموونەکانی(4، 5، 6، 7).

هەروەها ئەگەر چی مۆرفیمی( هات، وات، جات) چەمکی کۆ دەگەیەنن، بەڵام دوای ناسراوکردنی ناوەکە، ناوەکە دەتوانێت دووبارە مۆرفیمی کۆی(ان) وەرگرێتەوە،وەك:

- سەوزە+ وات+ ەکە+ ان = سەوزەواتەکان
- میوە + جات + ەکە + ان = میوەجاتەکان

لە نموونەی (8)دا مۆرفیمی بەندی کۆ لە شێوەی (ەها)دا خۆی دەنوێنێت، کە یەکێکی ترە لەو مۆرفیمانەی کەچەمکی کۆ دەگەیەنێت لە زمانی کوردیدا، بەڵام بە بەراورد بە مۆرفیمەکانی تر سنوری بەکارهێنان و چالاکییەکانی کەمترە، چونکە تەنها دە چێتەسەر (ژمارە، ناوی کات، وشەی ڕادەی (چەند)، هەروەها مۆرفیمە "دەتوانێت لەبڕی مۆرفیمی(ان) بەکاربهێنرێت، وەکو سینۆنیمی ڕێزمانی، بەهۆی هاوبەشی لەسیماواتاییەکانی(+ کۆکردنەوە، +کات و ژمارە، - دیاریکراوی لەژمارەدا)"( محەمەد، 2016: ل87) وەکو ئەم نموونانەی خوارەوە:


- جاران = جارەها
- ساڵان = ساڵەها

هەروەها کاتێك ئەم مۆرفیمە دەچێتەسەر ناوەکە، ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە ڤاوڵ هاتبوو، ئەوا مۆرفیمەکە گۆڕانی بەسەر دادێت، دەنگی (ە)ی ڤاوڵ تیادەچێت، یان دەنگی (ی) پەیدادەبێت، لە نێوان ناوەکە و نیشانەکەدا، بەمەش لە مۆرفیمی (ەها) ئەلۆمۆرفی (ها، یەها) پەیدادەبێت.وەکو نموونەی(9، 10).

لە نموونەی (11)دا، مۆرفیمە بەندی ڕێزمانی کۆ بریتییە لە نیشانەی (گەل)ە، کە یەکێکی ترە لەومۆرفیمانەی کە چەمکی کۆ دەگەیەنێت، لە زمانی کوردیدا، بەڵام تایبەتە بە کۆمەڵ ناوێکی دیاریکراون، بۆیە بەکارهێنانی سنوردارە، ناتوانن بە ئەلۆمۆرفی


مۆرفیمی کۆی (ان)، دابنرێن، چونکە" دەمانخاتە دوو هەڵوێستی دژبەیەکەوە، لەلایەکەوە وشە لە مۆرفیم پێکدێنن، لەلایەکی ترەوە ئەلۆمۆرفێکمان دۆزیوەتەوە وشەیە"( فەتاح، 1990: ل82)، هەروەها" مەرجی بوون بە ئەلۆمۆرف ئەوەیە کە لەیەك ژینگەدا دەرنەکەوێت"( خوشناو، 2016:ل 268)، ئەگەرچی مۆرفیمە (گەل) چەمکی کۆ پیشاندەدات لە زمانی کوردیدا، بەڵام کاتێك دەچێتەسەر ناو، ناوەکە دەکات بە کۆ، دوایی ناسراوکردنی ناوەکە، ناوەکە دەتوانێت دووبارە مۆرفیمی کۆی (ان) وەربگرێت، وەك(مێگەلەکان، گاگەلەکان).

به سەرنجدان لەم نموونانەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە مۆرفیمی سەرەکی کۆ لە زمانی کوردیدا نیشانەی(ان)ە، توانای بەکارهێنانی لە هەموو مۆرفیمەکانی تر زیاترە، هەر کاتێك بچێتەسەر ناوێك بۆ کۆکردنەوە، ئەوە ناوەکە، دوای ناسراوکردنی یان نەناسراوکردنی، ناتوانێت هیچ مۆرفیمێکی تری کۆ وەربگرێت، بەڵام ئەمە لە هەندێك لە مۆرفیمەکانی تر بەدیناکرێت، کەواتە هەموو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ و ئەلۆمۆرفەکانی بریتین لە:




**د- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی خستنەسەر**

لە دروستەی فرێزدا کاتێك دیارخەر و دیارخراو وەك دوو مۆرفیمی سەربەخۆ دەردەکەون، بەهۆی جۆرە مۆرفیمێکی بەندەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، پێی دەوترێت مۆرفیمی خستنەسەر، "خستنەسەر بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان ناوی سەرەکی، یان دەرخەری فرێزی ناوی و ناوەکانی تری فرێزەکە"(قادر، 2003: ل43)، کەواتە مۆرفیمە بەندی ڕێزمانی خستنەسەر، بەناووەوە دەلکێن، یارمەتی فراوانبوونی ناوەکە دەدەن، حاڵەتێکی ڕێزمانی دروستدەکەن، ڕۆڵیان بەستنەوەی کەرەستە دیارخەرەکانە بەفرێزە ناویە دیارخراوەکانەوە لە دروستەی فرێزیدا، ئەمەش لەزمانی کوردیدا لە لایەن چەند مۆرفیمێکی بەندەوە ئەنجامدەدرێن، بەم شێوەی خوارەوە :




هەریەکێك لەم مۆرفیمانە لەڕووی فۆرم و شوێنی بەکارهێنانیدا، تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە دەووروبەری جیاوازدا بەکاردێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

مۆرفیمی (ی): یەکێکە لە مۆرفیمە بەندی ڕێزمانی خستنەسەر، دەچێتەسەر ناوە دیارخراوەکە و دەیبەستێتەوە بە دیارخەر، ئەم مۆرفیمە لە چوارچێوەی فرێزدا زۆر چالاکە ، ئەم مۆرفیمە" بەدیارخەرەوە دەلکێت"( محمود، 2001: ل95)، هەروەها " دەتوانێت جگە لە ناو، هەریەکێك لە (جێناو، هاوڵناو، هاوڵکار،.... هتد) بخاتەسەر دیارخەرەوە، وەك کەرستەیەکی ڕێزمانی، کە ئەرکی مۆرفۆلۆجییان هەیە، وەك:( کوڕی باش ، برای تۆ، منداڵی ناولانك،.... هتد)"( مستەفا، 2019:ل 80).

هەرەها ئەم مۆرفیمە لە دروستکردنی فرێزی ناویدا(فرێزی ناوی خستنەسەر) چەندین واتاو مەبەست لەخۆ دەگرن، یەکێك لەوانە خاوەندارییەتیە،" مۆرفیمی (ی) پەیوەندی خاوەندارییەتی دەردەبڕین، دۆخی ڕێزمانی خستنەسەر لەلای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزە ناویەکان دەدات"( مەحوی، 2001: ل53)، واتە مۆرفیمی (ی) لە فرێزە ناویدا ڕۆڵی خاوەندارییەتی دەردەبڕێن، ناوی دووەم (دیارخەرە) دەکەنە خاوەنی ناوی یەکەم( دیارخراوە)(فەرهادی، 2014: ل26)، وەك:

– قاسپەی کەو

- ماڵی دارا

لە هەریەکێك لەم نموونانەدا خاوەندارییەتی دروستبووە، ناوی دووەم(کەو، دارا) خاوەنی ناوی یەکەمن.

هەروەها مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی خستنەسەر (ی) لە هەندێکجاردا دەرناکەوێت، " ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بە جێناوی لکاو دیارخرا ئەمە مۆرفیمی (ی) دەرناکەوێت" (حەمید: 2015: 74)، وەك:( کتێبی ئێمە> کتێبەکەمان، ماڵی من> ماڵەکەم ،....هتد)، یاخود " ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ناوێکی نەناسراو بێت، وەك ڕێژەو بڕ بەکاربێن، ئەمە مۆرفیمی خستنەسەر(ی) دەرناکەوێت"( خۆشناو، 2016: ل283)وەك: (پەرداغێك ئاو، سەلکێك پیاز ،.....هتد).

مۆرفیمی (ە): یەکێکی ترە لەم مۆرفیمانەی لە پێکهاتەی فرێزیدا ڕۆڵی خستنەسەر دەبینێت، بەڵام بەبەراورد بە مۆرفیمی (ی)، لە بەکارهێناندا جیاوازە، "مۆرفیمی (ی) لە مۆرفیمی(ە) چالاکترە"( مارف، 1976:ل 232)، چونکە مۆرفیمی (ە) لە سنورێکی بەرتەسکدا کاردەکات، پێویستە دیارخراوی ئەم جۆرە فرێزە ناوێکی ناسراو بێت، دەرخەرەکەشی هاوڵناوی چۆنییەتی بێت، وەك: (هەنارە ترشەکە، پیاوە باشەکە، ژنە جوانەکە،...هتد)، هەروەها لە هەندێکجاردا ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ئەم ناوانەش بەکاردێن، کە دیارخراوەکەیان ناوێکی نەناسراوە، کە ئەم فرێزەش زیاتر بۆ دیاریکردنی ڕێژەو قەبارەی شتێك بەکاردێن(خۆشناو، 2016: ل282)، وەك: (پەرداغە ئاوێك، کەوچکە خوێ،.....هتد)،

مۆرفیمی(ە) لە هەندێك باردا دەبێتە مۆرفیمی (سفر) دەرناکەوێت، دەبێتە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (ە)، لە زمانی کوردیدا بە پێی سروشتی ناوە دیارخراوەکە لەوانە : ناسراوی و نەناسراوی و تاك و کۆ و گشتی و تایبەتی فۆرمی مۆرفیمی خستنەسەر ئەگەری گۆڕینی هەیە، ئەگەر دیارخەرەکە هاوڵناو بێت، کاتێك مۆرفیمی ناسراوی(ەکە) دەچنەسەر دیارخەر مۆرفیمی خستنەسەر لە (ی) دەگۆڕێت بۆ (ە)، وەك:


- هەناری ترش ⟵ هەنارە ترشەکە
- ماڵی جوان ⟵ ماڵە جوانەکە

ئەگەر سەرنجی نموونەکان بدەین بەزیادکردنی مۆرفیمی ناسراوی(ەکە) بۆ دیارخەر، مۆرفیمی خستنەسەر(ی) دەگۆڕدرێت بۆ (ە)"کاتێك دیارخەر بە دەنگی ڤاوڵ کۆتایی هاتبێت، مۆرفیمی (ە) ناتوانێت بچێتەسەر دیارخەر، بۆیە بەدیارناکەون، دەبێتە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی(ە)"( خدر، 2010: ل7)،وەك:

- ئەستێرەی بەرز ⟵ ئەستێرە ø بەرزەکە
- خوێندنگای تایبەت ⟵ خوێندنگا ø تایبەتەکە

**ە- مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بانگکردن**

یەکێکی تر لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا کە دەچێتەسەر ناو مۆرفیمی بانگکردنە، بۆ جیاکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی ناوی (گشتی، تایبەتی) بەکاردێن، بانگکردن حاڵەتێکی ڕێزمانییە" لەهەموو زمانەکاندا هەست بەبوونی دەکرێت، لە ڕێگەی ئامرازێکی تایبەت یان مۆرفیمێکدا ئەنجام دەدرێن"( خۆشناو، 2016: ل293)، بانگکردن لە زمانی کوردیدا بە چەندین شێواز دەردەبڕدرێن، لە ڕێگەی مۆرفیمە سەربەخۆکانی (هۆ، ئەی، ئادەی،.....هتد)، یان لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە دەبێت، بەڵام ئەمەی پەیوەندی بە توێژینەوەکە هەیە، ئەم مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانەن کە چەمکی بانگکردن دەگەیەنن، دەتوانین لەم هێلکارییەدا بیانخەینەڕوو:




هەریەکێك لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی بانگکردندا لە چوارچێوەیەکی جیاوازدا کاردەکەن، چۆنیەتی کارکردنەکەشیان پەیوەستە بە ژمارەی ناوە بانگکراوەکە ( تاك، کۆ) و ڕەگەزی ناوە بانگکراوەکە( نێر، مێ)، بەم شێوەیە :

- مۆرفیمی (ە، ۆ) بۆ ناوی تاکی نێر بەکاردێت.
- مۆرفیمی ( ێ، ە) بۆ ناوی تاکی مێ بەکادێت.

– مۆرفیمی ( ینە) بۆ ناوی کۆ نێر و مێ و دوولایەن بە کاردێت.

ئەگەر سەرنجی ئەم نموونانە بدەین:

1- کورە، باوکە، مامە،........هتد
2- خاڵۆ، کاکۆ، مامۆ،.......هتد
3- خوشکێ، پورێ، نەنێ،....هتد
4- دایکە، نەنە، خوشکە،.....هتد
5- کورینە، کچینە، مەردینە،....هتد

لەنموونەی (1)دا مۆرفیمی(ە) بانگکردن لەگەڵ ناوی تاکی نێر بەکارهاتووە، مۆرفیمی (ە) مۆرفیمێکی چالاکی بانگکردنە، بە بەراورد بەمۆرفیمەکانی تر، جگە لە ناوی تاکی نێر لەگەڵ ناوی تاکی مێ بەکاردێت، ئەم مۆرفیمە لەگەڵ ئەم ناوانەی کە کۆتاییان بە دەنگی کۆنسونانت هاتووە، بەبێ هیچ کێشەیەك دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر" ناوە بانگکراوەکە کۆتایی بە ڤاوڵ هاتبوو، ئەمە مۆرفیمی (ە) دەرناکەوێت، واتا تیادەچێت، لەم کاتەدا نێرەر دەتوانێت سوود لە ڤاوڵی ناوەکە ببینێ بۆ گەیاندنی پەیامەکەی، بەپێی مەبەست ڤاوڵەکە درێژبکاتەوە"( حمەئەمین، 2009:ل 51)، واتە مۆرفیمەکە دەبێتە سفر، وەك: برا دانیشە.

لە نموونەی (2)دا مۆرفیمی بانگکردن نیشانەیی )ۆ)یە، یەکێکە لە مۆرفیمەکانی بانگکردن لە کرمانجی ناوەراستدا، لەگەڵ ناوی تاکی نێر بەکاردێت.

لە نموونەی (3، 4)دا مۆرفیمی بانگکرد لە شێوەی (ێ، ە)دا دەرکەوتوون، یەکێکی ترن لە مۆرفیمەکانی بانگکردن، لەگەڵ ناوی تاکی مێ بەکاردێن، هەردووکیان دەتوانن ببنە هاوواتا، بەهۆی سیما واتاییەکانی( +بانگکردن، +ئاگادارکردنەوە، + تاکێتی، +مێ)، کەواتە( ە = ێ)، هەروەها مۆرفیمەکانی بانگکردن بۆ تاکی نێر مۆرفیمی (ە، ۆ)ش، هاوواتان( بڕوانە محەمەد، 2016: ل88).

ئەگەر سەرنج بدەینە نموونەی (5) نیشانەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بانگکردن (ینە)یە، یەکێکی ترە لە مۆرفیمەکانی بانگکردن، " لەگەڵ ناوی کۆی نێرومێ و دوولایەن بەکاردێن"( قادر، 2003: ل56)، ئەم مۆرفیمە مۆرفیمێکی سەرەکی بانگکردنە بۆ ناوی کۆی نێرو مێ و دوولایەن لە زمانی کوردیدا، هەندێك لە زمانەوانان دەربارەی ئەم مۆرفیمە پێیانوایە کە دەتوانرێت جیابکرێتەوە، بەم شێوەیە " (ین) بۆ مۆرفیمی کۆ(ە) بۆ بانگکردنی کۆی نێرو مێ"( باخەوان، 1998:ل 100) بەڵام زۆربەی زمانەوانان مۆرفیمی(ینە)یان بەیەك مۆرفیم داناوە.

**4-مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا**

لە زمانی ئینگلیزیشدا بەهەمان شێوەی زمانی کوردی، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان پێناسە کراون و هەمان واتا دەگەێنن. بریتین لەم مۆرفیمانەی کە ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەهێنن و ناچنە ناو پێکهاتەی فەرهەنگی وشەکە، یان ئەم مۆرفیمانەن کە ڕۆڵی ڕێزمانی دەگێڕن و هیچ کاتێك وشەی نوێ دروستناکەن، بەڵکو تەنها فۆرمی جیاوازی بناغە بەرهەمدەهێنن( Lyons، 1981: ل 10) ئەم مۆرفیمانە توانای گۆڕینی بەشەئاخاوتنی وشەیان نییە، ئەم مۆرفیمانە پۆلێکی داخراون و لە هەر زمانێکدا ژمارەیان سنوردار و دیاریکراون، لە زمانی ئینگلیزیدا هەشت دانە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی هەیە، وەك: (مۆرفیمی(s)کۆ، مۆرفیمی(**s'**)خاوەندارییەتی، مۆرفیمی(**s**)کاتی ڕانەبردوو، مۆرفیمی(ed)کاتی ڕابردوو، مۆرفیمی(ing)ئەسپێکتی بەردەوام، مۆرفیمی(en/ed)ئەسپێکتی تەواو، (er)پلەی بەراورد، (est) پلەی باڵا)، بەشێوەیەکی یاسایی بەکاردێن، هەموویان پاشگرن. جۆرەکانی مۆرفیم جیاوازن بە پێی ئەمەی لەگەڵ ناو و کردار و هاوەڵناوەکان بەکاردێن(Biber et al ، 1999: ل 57) مۆرفیمە ڕێزمانییەکانیش بەپێی بەکارهێنانیان لەگەڵ (ناو، کردار، هاوەڵناو) بەم شێوەیە پۆلێندەکرێن، مۆرفیمی (s)کۆ، مۆرفیمی(**s'**)خاوەندارییەتی لەگەڵ ناو بەکاردێن، مۆرفیمی(**s**)کاتی ڕانەبردوو، مۆرفیمی(ed)کاتی ڕابردوو، مۆرفیمی(ing)ئەسپێکتی بەردەوام، مۆرفیمی(en/ed)ئەسپێکتی تەواو، لەگەڵ کردار بەکاردێن، مۆرفیمی(er)پلەی بەراورد، (est) پلەی باڵا، لەگەڵ هاوڵناو بەکاردێن(Stageberg ، 1971: ل 112).

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکە هەیە، ئەم مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییانەیە کە لەگەڵ ناو بەکاردێن، لە زمانی ئینگلیزیشدا دوو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی لەگەڵ ناو بەکاردێن بەم شێوەیە:

**أ-مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ (plural)**

کۆکردن دیاردەیەکی زمانییە، لە زۆربەی زمانەکاندا بوونی هەیە، چەمکی کۆ لە زمانی ئینگلیزیدا بە چەندین شێوازی جۆراو جۆر دەگەیەنرێن، لەڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆ (ژمارە، جێناو، ڕادە، ناوی کۆمەڵ . هتد) وەك (two،them ،are، ........ هتد)

Othman)، 2002: ل23-31)، هەروەها لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەوە دەردەبڕدرێت، بەڵام ئەمی پەیوەندی بە توێژینەوەکە هەیە، کۆکردنەوەی ناوە، لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی.

یەکێك لە مۆرفیمە بەندەکانی لەگەڵ ناو بەکاردێت، مۆرفیمی(s) کۆیە، ناوە ژمێردراوەکان لە تاکەوە دەگۆڕێت بۆ کۆ (Frank، 1972: ل3)، کۆکردنەوەی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا بەدوو شێواز دەگەیەنرێت، یەکێکیان بەپێی یاسای(regular) زمانەکەیە بەهۆی زیادکردنی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی(s،es) دەبێت، ئەمەی تریان بە شێوەیەکی شازە(Irregular)، کە ناکەوێتە ژێر یاسای زمانەکەوە، بەڵام ئەمەی پەیوەستە بەسنوری توێژینەوەکە کۆکردنەوەی ناوە بەپێی یاسای زمانەکە بە زیادکردنی مۆرفیمی(s،es )کۆ،ئەم مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییە، باوترین جۆری مۆرفیمی ڕێزمانییە لە زمانی ئینگلیزیدا کە بە (s،es) دەستنیشانکراوە، وەك پاشگر بۆ ناوی ژمێردراو زیاد دەکرێت ، بەهۆی ئەم مۆرفیمە ناوەکە دەبێتە کۆ،وەك :

– کوڕان boy + s --------- boys
– پشیلە( ەکە2( انcats ----------- Cat + s
– کتێب(ەکە)ان book + s ---------- books

لەم نمونانەدا مۆرفیمی (s) بەناوەکەوە لکاوە تەنها حاڵەتی ڕێزمانی ناوەکانی گۆڕیوە لە تاکەوە کردونی بە کۆ

هەروەها ئەو ناوانەی کە بە یەکێك لەم پیتانە کۆتایی هاتبوو (**s، z، x، sh،Ch** )، ئەوە مۆرفیمی کۆ لە شێوەی (**es**) بۆ ناوەکان زیاد دەکرێت (Biber et al ، 1999: ل285)، وەك:

– سندوق(ەکە)ان box + es ------------ boxes
– فلچ(ەکە)ان brush + es ----------- brushes
– سەعات(ەکە)ان watch + es ---------- watches

مۆرفیمی بەندی کۆ لە زمانی ئینگلیزیدا سێ ئەلۆفۆرمی هەیە، وەك**/ iz / ,/ s / ,/z/** بە هۆکاری فۆنۆلۆجی دروست دەبن(Carstairs McCarthy ، 2002: ل 22)، هەریەکێك لەم ئەلوفۆرمانە دیاری دەکرن بەپێی ئەم دەنگەی کە لەپێش مۆرفیمەکە دێت، بەم شێوەیە:

ـ بە / **s** / کۆ دەکرێت کاتێك ناوەکە کۆتایی بەم دەنگە کۆنسونانتانە هات **/p/،/t/،/k/،/f/، /o/** وەك

– کڵاو(ەکە)ان caps
- پشیلە(ەکە)ان cats

-بە /iz/ کۆ دەکرێت، ئەگەر ناوەکە بە یەکێك لە دەنگە کپە کۆنسونانتەکان (voiceless consonant sound)کۆتاییان هاتبوو وەك **/s/، /tʃ/، /z/، /ʒ/، /ʃ/**،کە مۆرفیمی بەندی ڕیزمانی کۆ (s) زیادکرا بۆ ناوەکە،(s) بەدەنگی /iz/ دەخوێندرێتەوە، وەك:

- کراس(ەکە)ان dresses
- ئاوات(ەکە)ان wishes

ـ ئەگەر ناوەکان کۆتایی هاتبوو جگە لە دەنگەکانی حاڵەتی (1) و (2) ئەمە مۆرفیمی کۆ (s) بە دەنگی /z/ دەخوێندرێتەوە وەك:

– جانتا(ەکە)ان bags
– ژوور(ەکە)ان rooms (Stageberg, Oak ، 2000: ل 112-113)

مۆرفیمی کۆ (s،es) کاتێك بۆ ناوێك زیاد دەکرێت بەمەبەستی کۆکردنەوەی، بەپێی یاسای فۆنۆلۆجی زمانی ئینگلیزی، کۆتایی ناوەکە هەندێك گۆڕانی بەسەردادێت، لەکاتی کۆکردنەوەدا، بەم شێوەیەی خوارەوە :

ـ ئەم ناوانەی کە بە پیتی (f،fe) کۆتاییان هاتووە، (f) دەگۆڕێت بۆ (v)، دواتر مۆرفیمی کۆ (s،es ) زیادەکرێت، وەك:

– ژنان wife ---------- wives
– گەڵا(ەکە)ان leaf ---------- leaves

[2] لەکاتی وەرگێڕانی ناوی کۆی ئینگلیزی بۆ کوردی گرفتێك دەبینرێت، کە ناوەکە لە ئینگلیزیدا کۆی نەناسراوە، بەڵام لە وەرگێڕاندا بۆ زمانی کوردی، کەمتر بە نەناسراوی و کۆیی بەکاردێت(پشیلان) زیاتر دەگوترێت (پشیلەکان) چونکە لەڕاستیدا مۆرفیمی ئینگلیزی ناساندن بەوشەی پشیلەوە نییە، بۆیە لە بەرانبەر وشەی ( پشیلان= cats ) دروستترە، بۆدەربازبوون لەم ڕایە جیاوازە هەردووشێوەکە بەکارهاتووە مۆرفیمی ناسراوی لە ناوکەوانەدا نووسراوە.

ـ ئەو ناوانەی کە بە پیتی (y) کۆتاییان هاتووە، پێش پیتی (y) پیتێکی کۆنسونانت هاتبوو، پیتی (y) دەگۆڕێت بۆ (i)، دواتر مۆرفیمی کۆ (s،es ) زیاد دەکرێت بۆ ناوەکە، وەك:

- چیرۆك(ەکە)ان story -------- stories

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ناوەکان لەزمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی یاسایی (regular) بە هۆی مۆرفیمی کۆ(**es ,s**) دەکرێن بە کۆ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەندان ناو هەن، بە شێوەیەکی شاز(irregular) کۆ دەکرێنەوە، بەم شێوەیە :

ـ هەندێك ناو لە زمانی ئینگلیزیدا کۆ دەکرێتەوە بە هۆی زیاد کردنی پاشگری (en) بۆ سەر ناوەکە، وەك:

- گامێش(ەکە)ان ox + en ------------ oxen
- منداڵ(ەکە)ان child +**en** ---------child**ren**

هەندێك ناو کۆدەکرێنەوە، بە هۆی گۆڕینی بزوێنی ناو ناوەکە بە بزوێنێکی تر، وەك:

- پیاوان man -------------- men
- ژنان woman --------- women ( Othman ، 2002: ل 23)

هەندێك ناو لە زمانی ئینگلیزیدا هەن، هەمیشە کۆن، مۆرفیمی (s) یان پێوەیە وەك:

- پانتۆڵ Trousers
- مەقەس Scissors

هەندێك ناو هەن بە شێوەی کۆ بەکاردێن، بەبێ ئەمەی مۆرفیمی(s) کۆ بخرێتەسەر، وەك:

- گروپ team
- خەڵك people (Lieber ، 2012: ل88-89)

هەندێك ناو هەیە لە زمانی ئینگلیزی بۆ تاك و کۆ بەکاردێن، واتا بۆ تاك و کۆ هەمان فۆرمی هەیە، ئەم ناوانە تەنها لە ناو ڕستە لە یەکتری جیا دەکرێتەوە، کە تاکە یان کۆیە، وەك: (مامز ) (deer)، (مەر) (sheep)، (بەراز) (swine) ... هتد)، بۆ نموونە:

- مەڕێك لە ناو کێڵگەکەیە There is a sheep in the field. .
- دوو مەڕ لە ناو کێڵگەکەن There are two sheep in the field. .

لە رستەی (1) ئامرازی نەناسراوی (a) بەکارهاتووە، لەگەڵ ناوی تاکی ژمێردراو، فرمانی یاریدەدەری(**is**) بەکارهاتووە بۆ یەك مەڕ، بەڵام لە ڕستەی (2) (**two**)و(**are**) بەکار هاتووە کە بۆ زیاتر لەیەك مەڕە.

### ب- مۆرفیمی بەندی خاوەندارییەتی (possessive)

یەکێك لە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کە لەگەڵ ناو بەکاردێت مۆرفیمی خاوەندارییەتیە، خاوەندارییەتی لە زمانی ئینگلیزیدا بە دووشێواز دەردەبڕێن لە ڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆکانی جێناوی خاوەندارییەتی (**possessive pronouns**) و هاوڵناوی خاوەندارییەتی (**possessive adjectives**) وەك :م(my، your، mine، ours ، ......) هەروها خاوەندارییەتی لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندیش دەردەبڕێت، بەڵام ئەمەی پەیوەندی بە توێژینەوەکە هەیە، خاوەندارییەتیە لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییەکان.

مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی خاوەندارییەتی لەزمانی ئینگلیزیدا بە (s) دەستنیشاندەکرێت، کاتێك زیاد دەکرێن بۆ ناو، فۆرمێکی خاوەندارییەتی بە ناوەکە دەدەن" کە بریتییە لە گێرانەوەی شتێك بۆ ئەم ناوەی کە دەچێتەسەری، یان بە خاوەندارییەتی کردنی شتێك، ئەم مۆرفیە لەشێوەی پاشگر زیاد دەکرێت بۆ ناوەکە، لە کاتی نوسیندا بە (s'،'s ) دەستنیشاندەکرێت، ئەمەش بە پێی (تاك و کۆ) ی ئەم ناوەی کە دەچنەسەری دەگۆڕێن(Frank، 1972: ل5) بەم شێوەیە :

ئەگەر ناوەکە (singular)تاك بێت، لە کاتی زیاد کردنی مۆرفیمی خاوەندارییەتی (s)ئەپۆسترۆڤەکە( ʹ) دەکەوێتە پێش('s)( Sinclair et ، 2004: ل 402)بۆ نموونە :

- یاری منداڵەکە the childʹ**s** toy

ـ ئەگەر ناوەکە کۆ (plural) بوو، بەشێوەیەکی شاز (Irregular) کۆکرایەوە، لە کاتی زیادکردنی مۆرفیمی خاوەندارییەتی (s)، ئەپۆسترۆڤەکە( ') دەکەوێتە پێش (s)، بەهەمان شێوەی ناوی تاك ('s)، بۆ نموونە:

- کاری پیاوان men**'s** work

بەڵام ئەگەر ناوەکە بە شێوەی یاسایی (regular) کۆکرابنەوە، مۆرفیمی(s)خاوەنداریەتی دەرناکەوێت، دەبێتە(سفر)، ئەپۆستڕۆڤەکە دەکەوێتە دوای مۆرفیمی (**s**)ی کۆ (**s’**)(Greenbaum and Nelson ، 2002: ل 91)وەك:

– کلکی سەگ(ەکە)ان Dog**s’** tail

هەروەها مۆرفیمی (**’s**) ڕۆڵی خستنەسەر(genitive) دەگەیێنێت لە زمانی ئینگلیزیدا (Sinclair، 2005: ل102)، لە دروستکردنی فرێزی ناویدا بەشداری دەکات، ڕۆڵی ڕێکخستن و دەرخستنی پەیوەندی نێوان دیارخەر و دەرخەری فرێزی دەبێت مۆرفیمی (**’s**) لە فرێزی ناودا دەچێتەسەر سەرەی فرێزەکە، دیارخەر (Determiner)، ئەمەی کە لە دوای (**’s**) دێت دەبێتە دیارخراو (modifier) کە تایبەتی زیاتر زیاد دەکات بۆ سەرەی فرێزەکە(Katamba،1993: ل240) وەك:

- Child’s toy یاری منداڵ

لەم نموونەدا بەهۆی مۆرفیمی (**’s**) دیارخەر و دەرخەری فرێزەکە بەیەکتری بەستراوەتەوە، واتە دیارخراوەکە(child) بەهۆی مۆرفیمی (**’s**) بە دیارخەر(toy)سەرەی فرێزەکەیە بەستراوەتەوە،

هەروەها مۆرفیمی(**’s**) لە هەندێك حالەتدا ڕۆڵی خاوەندارییەتی دەبینێت بەبێ هاتنی ناوی دووەم، وەك:

– کتێبم لەتەنیشت هی عەلیە My book is next to Ali’s

لەم نموونەدا (دیارخەر) کرتێنراوە، واتە وشەی(book)کرتاوە، بەڵام لەئاستی سەرەوە کرتاوە، لەئاستی ژێرەوە مۆرفیمی (**’s**) بەسەر دیارخراوەکە دادەمێنێتەوە، ڕستەکە لەئاستی ژێرەوە بەم شێوەیەیە:

– کتێبەکەم لەتەنیشت هی عەلیە My book is next to Ali’s book

مۆرفیمی بەندی خاوەندارییەتی چوار ئەلۆفۆرمی هەیە، وەکو (/ s/،/ z /،/ iz/،ø )(Gleason ، 1961: ل 100)، سێ لە ئەلۆفۆرمەکانی هۆکاری فۆنۆلۆجی دروستیان دەکەن/ s / ، / z /،/ iz /، واتە یەکێك لەهۆکارەکانی پەیدابوونی ئەلۆمۆرف هۆکاری فۆنۆلۆجییە، سیفەتێکە حوکم لەسەر دەوروبەری دەنگی دەکات.

ئەلۆمۆرفی خاوەندارییەتی/s/ کاتێك ناوەکە کۆتایی بەم دەنگە کۆنسونانتانە هات /p/،/t/،/k/،/f/، /o/ وەك: cat’s tail کلکی پشیلە(ەکە)ان، ئەلۆمۆرفی خاوەندارییەتی /iz/ئەگەر ناوەکە بە یەکێك لە دەنگە کپە کۆنسونانتەکان( voiceless consonant sound)کۆتاییان هاتبوو وەکو /**s**/، /**tʃ**/، /**z**/، /**ʒ**/، /**ʃ**/،وەك:( وێنەی گەورە max’s photo) ئەلۆمۆرفی خاوەندارییەتی/z/ ئەگەر ناوەکان کۆتاییان هاتبوو جگە لە دەنگەکانی حاڵەتی (1) و (2)، وەك: dog’s tailکلکی سەگ(ەکە)ان (Hudson، 2000: ل 79).

ئەلوفۆرمی (ø)، کاتێك دروست دەبێت کە زیاد دەکرێت بۆ ئەم ناوانەی کە بەشێوەیەکی یاسایی(regular) کۆکراوەتەوە وەك

– پێی پشیلەکان the cat **s’** paws

**5-لێکچوون و جیاوازی نێوان مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا**

**أ-مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناساندن (Definite )**

لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بۆ گەیاندنی چەمکی ناسراوی لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا، هیچ خاڵێکی لێکچوون و هاوبەشی نییە، لە زمانی کوردیدا ناسراوی لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی(ەکە) دەگەیەنرێ، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆ ئەرکی (the) دەگەیەنرێت کە تاکە مۆرفیمی ناسراوییە.

خاڵێکی تری جیاوازی لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا مۆرفیمی ناسراوی لە زمانی کوردیدا لە شێوەی پاشگر(suffix) دەچێتە سەر ناوەکە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە شێوەی پێشگر(prefix) دەچێتە سەر ناوەکە، وەك :

– پیاوەکە **the** man

– کوڕەکە **the** boy

– سەیارەکە **the** car

**ب- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی نەناساندن(Indefinite)**

لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بۆ گەیاندنی چەمکی نەناسراوی لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندە ڕێزمانییەکاندا هیچ لێکچوون و هاوبەشیەك نییە، لە زمانی کوردیدا لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی (ێك) چەمکی نەناسراوی دەگەیەندرێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لەڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆ ئەرکی(a, an) چەمکی نەناسراوی دەگەیەنرێت، هەریەکێك لە مۆرفیمی (a،an ) وەکو مۆرفیمی نەناسراوی لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردێت، مۆرفیمی (a) دەکەوێتە پێش ئەم ناوانەی کە بە پیتی کۆنسونانت

دەستپێدەکات، مۆرفیمی (an) دەکەوێتە پێش ئەو ناوانەی کە بە پیتی (ڤاوڵ) (a-e-i-o-u) دەستپێدەکات(Alexander، 1998: ل68) وەك :

- رۆژێك **a** day
- کوڕێك **a** boy
- سێوێك **an** apple

خاڵێکی تری جیاوازی لە نێوان هەردوو زمانەکەدا بۆ گەیاندی چەمکی نەناسراوی، لە زمانی کوردیدا لە شێوەی پاشگرە(suffix) بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە شێوەی پێشگرە(prefix).

**ج- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی کۆ (plural)**

لێکچوون:

خاڵی هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیدایە، واتە لەهەردوو زمانەکەدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ هەیە، بەڵام بە فۆرمی جیاواز، لە زمانی کوردیدا (ان)ە، لە زمانی ئینگلیزیدا (s,es).

لەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ، چەند ئەلۆمۆرفێکیان هەیە، لە زمانی کوردیدا (یان، وان، جات، . هتد)، لە زمانی ئینگلیزیدا / s / ،/ z /،/iz/ /.

جیاوازی:

سەرەڕای هاوبەشی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیدا فۆرمی سەرەکی کۆ تەنها (ان) لە زمانی کوردیدا، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی سەرەکی کۆ فۆرمی (**es،s** ) ی هەیە، وەك:

- پشیلە(ەکە)ان cat --- cat**s**
- ڕێوی(ەکە)ان fox --- fox**es**

دیارترین جیاوازی نێوان مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ، لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، مۆرفیمی بەندی کۆ لە زمانی کوردیدا بەدوای مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی تر دادێت، وەك مۆرفیمی بەندی ناسراوی(ەکە)، کۆتاییەکی کراوەشی هەیە بۆ بەدواداهاتنی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی تر وەك مۆرفیمی خستنەسەرە(ی)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی کۆ نە بەدوای مۆرفیمی تری ڕێزمانی دێت و نە کۆتاییەکی کراوەشی هەیە بۆ بەدواداهاتنی مۆرفیمی تری ڕێزمانی،بۆنموونە:

- کوردی---------- ناو + م . ناسراو + م . کۆ + م . خستنە سەر = ماڵەکانی
- ئینگلیزی --------- ناو + م . کۆ = cat**s** پشیلە(ەکە)ان

خاڵێکی تری جیاوازی لە زمانی کوردیدا هەندێك ناو کە ئەلۆمۆرفی کۆ وەردەگرێت بۆ گەیاندنی چەمکی کۆ، دوای ناساوکردنی ناوەکە دەتوانێت دووبارە مۆرفیمی کۆی (ان) وەربگرێت، بەڵام ئەمە دیاردەیە لە زمانی ئینگلیزیدا بەرچاوناکەوێت، وەك :

- میوە + جات + ەکە + ان = میوەجاتەکان
- سەوزە + وات + ەکە + ان = سەوزەواتەکان

**د- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی خستنەسەر( Genitive)**

لێکچوون:

خاڵی لێکچوو لە نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بۆ گەیاندنی چەمکی خستنەسەر یان خاوەندارییەتی لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیدایە، واتە لە هەردوو زمانەکەدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی خستنەسەر یان خاوەندارییەتی هەیە، بەڵام بە فۆرمی جیاواز، لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی (ی)، لە زمانی ئینگلیزیدا(’s)، وەك:

- سەیارەیی عەلی Ali’ s car

هەرچەندە خستنەسەر و خاوەندارییەتی دوو حاڵەتی ڕێزمانی جیاوازن، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم نموونەیە بکەیت، مۆرفیمی(ی)، مۆرفیمی(’s)، هەردوو حاڵەتە ڕێزمانییەکەی بینیوە، وەك خستنەسەر لە فرێزی ناویدا دیارخەرو دیارخراوی بەیەکەوە بەستوەتەوە، وەك حاڵەتی خاوەندارییەتی لە زمانی کوردیدا ناوی دووەم( دیارخەر)ی کردوەتە خاوەنی ناوی یەکەم(دیارخراو)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا ناوی یەکەمی کردوەتە خاوەنی ناوی دووەم.

لە هەردوو زمانەکەدا مۆرفیمی خستنەسەر ئەگەری دەرنەکەوتنی هەیە، لە زمانی کوردیدا بە تایبەتی کاتێك کە ناوە دیارخراوەکە بە جێناوی لکاو دیارخرابێت، مۆرفیمی(ی) بەدیارناکەوێت، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەگەر ناوەکە بە شێوەی یاسایی (regular) کۆکرانەوە، مۆرفیمی(s) دەرناکەوێت، دەبێتە(سفر)، ئەپۆستروۆڤەکە دەکەوێتە دوای مۆرفیمی (**s**)ی کۆ (**s'**)، وەك:

– کوردی    دەستی من ← دەستم
– ئینگلیزی    **tail cat's** کلکی پشیلە ← **tail cats'** کلکی پشیلە(ەکە)ان

جیاوازی:

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی خستنەسەر(ی) دەتوانێت بەدوای دوو مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی تر بێت لە هەمان ناودا وەك مۆرفیمی (ناسراوی و کۆ)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی خستنەسەر( (s'بەدوای هیچ مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی تر نایەت، وەك:

– کوردی ---------- ناو + م.ناسراوی + م.کۆ + م . خستنەسەر + ناو    منداڵ + ەکە + ان + ی + ئازاد
– ئینگلیزی ---------- ناو + م. خستنەسەر + ناو dress **'s** Mary    کراسی ماری

خاڵێکی تری جیاوازی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی سروشتی دیارخەر و دیارخراوە، واتا لە زمانی کوردیدا بە پێی سروشتی ناوە دیارخراوەکە لەوانە ناسراوی و نەناسراوی و تاك و کۆ و گشتی و تایبەتی فۆرمی مۆرفیمی خستنەسەر ئەگەری گۆڕینی هەیە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا پەیوەستن بە ژینگەی جیاوازی فۆنۆلۆجیەوە، واتا دوا دەنگی ناوە دیارخەرەکە بڕیار لەسەر وەرگرتنی جۆری مۆرفیمەکە دەدات، وەك:

– ی/ گوڵی سور    's /    man's work    کاری پیاو
– ە / گولە سورەکە    s' /    dogs' tail    کلکی سەگ(ەکە)ان

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی خستنەسەر(ی) دەچێتە دوای سەرەی فرێزی کە دیارخراوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی (**'s**) دەچێتە دوای سەرە کە دیارخەرە، وەك :

– کوردی---------- دیارخراو + م. خستنەسەر + دیارخەر = ماڵی کاروان
– ئینگلیزی ---------- دیارخەر + م. خستنە پاڵ + دیارخراو = child's toy    یاری منداڵ

کەواتە لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی(ی) کە ڕۆڵی خاوەندارییەتی دەبینێت، خاوەندارییەتیەکە لە چەپەوە بۆ ڕاستە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا خاوەندارییەتیەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپە.

خاڵێکی تری جیاوازی زمانی کوردی و ئینگلیزی، لە زمانی ئینگلیزیدا مۆرفیمی('s) ڕۆڵی خاوەندارییەتی دەگەیەنێت بەبێ هاتنی ناوی دووەمر، بەڵام لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی ی (ڕۆڵی خاوەندارییەتی دەگەیەنێت، ناتوانی بەبێ ناوی دووەم بێت، وەك

– کوردی---------- مالی ?
– ئینگلیزی ------- My room is next to peter'sژووروم لەتەنیشت هی پیتەرە

**٥- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی بانگکردن**

خاڵ لێکچوون و هاوبەش لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزیدا بۆ گەیاندنی کردەی بانگکردن لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانەوە نییە، کردەی بانگکردن لە زمانی کوردیدا بەهۆی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی(ە، ۆ، ێ، ینە (بەپێی سروشتی ناوەکە(ڕەگەز و ژمارە) دەگەیەنێت، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا لە ڕێگەی مۆرفیمی سەربەخۆدا ئەمر چەمکە دەگەیەنێت، یان ناوی خۆی بانگدەکرێت، (Ali) یاخود ناونیشان (sir،Dr ، ... ) یاخود دەستەواژەکانی وەك (Excuse me،dear ،.... ) Leech، (176ل:1994،svatvik) هەندێك جاریش بە شێوەی نارەسمی (Hey) بە کاردێت، کە دەچێتە پێش دەربڕینەکە، وەك

– کوردی ---------- کوڕینە، کوڕە، کچێ
– ئینگلیزی ------- Hey! Girl هێی کچ

**ئەنجام**

1- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زیاترە، پێنج مۆرفیمن(ناسراوی، نەناسراوی، بانگکردن، کۆ، خستنەسەر) بە بەراورد بە زمانی ئینگلیزی، دوو مۆرفیمن(کۆ، خستنەسەر یان خاوەندارییەتی).

2- لە زمانی کوردیدا، دەشێ چەند مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی بە دوای یەکدابێن، لە هەمان ناودا، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا یەك مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی لەسەر هەمان ناو بەکاردێت.

3- مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی ناو لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا لە شێوەی پاشگرن.

4- مۆرفیمی بەندی ( ناسراوی، نەناسراوی، بانگکردن) لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی بەندی ڕێزمانین، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا، هیچ مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانی نییە بۆ گەیاندنی ئەم چەمکانە، بەڵکو گەیاندنی ئەم چەمکانە بەهۆی مۆرفیمی سەربەخۆ دەبێت، مۆرفیمی(ناسراوی، نەاسراوی) مۆرفیمی سەربەخۆی ئەرکین، مۆرفیمی (بانگکردن)مۆرفیمی سەربەخۆی فەرهەنگیە.

5- چەمکی مۆرفیمی ( کۆ، خستنەسەر یان خاوەندارییەتی) لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا، مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی هاوبەشن، بەڵام بە فۆرمی جیاواز.

## لیستی سەرچاوەکان


باخەوان ، ئازاد ئەمین فەرەج (1998)، مۆرفیمەکانی (ە) لە دیالێکتی کرمانجی خواروی زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

تۆفیق ، لیمۆ محمود (2012)، دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکراکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگروپی خۆیی و دوور لێوی، نامەی ماستەر، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.

حسەین، شلان عومەر(2012)، مۆرفۆسنتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(35)، بەشی B.

حەمەد ئەمین ، ڕزگار واحید (2009)، شێوازی بانگکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

حەمید ،هێرش کەریم (2015)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

خدر ، حەیدەر حاجی (2010)، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆجییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆلۆیانەی زمانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

خۆشناو ،شێروان حوسێن ( 2016)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپخانەی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر.

سەعید ، یوسف شەریف (2013)، وشەسازی، بڵاوکراوەی ئەکادیمی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

عەلی ، بەکر عومەر (2014)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

فەخری، موکریانی ، نەسرین و کوردستانی (1982)، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی.

فەتاح ، قادر ، محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی روون، سلێمانی.

فەتاح ، محەمەد مەعروف (1990 )، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر،.

قادر ، ئەبوبکر عومەر (2003)، بەراودی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی وفارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مارف ، ئەمرەحمانی حاجی (1979) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

مارف ، ئەو ڕەحمانی حاجی (1976)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا.

مارف ، ئەو ڕەحمانی حاجی (2004)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.

محمد، حاتم وليا ( 2019) مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم، هەولێر .

محەمەد ، ڕۆکان عەبدوڵا (2008)، مۆرفیمەکانی کۆ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

محەمەد ، شادان حەمەئەمین (2016)، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مستەفا ،مستەفا ڕەزا ( 2019)، پۆلینکردنی مۆرفیمە بەندەکان لە سەر بنەمای چالاکی و سیستی ئەمرۆیان لە زمانی کوردی، نامەی دکتۆرە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مەحموود ، ئازاد ئەحمەد ( 2001)، مۆرفیمەکانی (ی) لە زمانی کوردی ( بەکەرستەی دیالێکتی کرمانجی خواروو و ژووروو)، نامەی ماجستێر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

مەحوی، محەمەدی ( 2001 )، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.

ئەمین، وریا عومەر(2011) پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەلێر.

**ئینگلیزی:**

Alexander L. G. (1988). *Longman English Grammar*. London: Longman

Biber، Douglas، Stig Johansson، Geoffrey Leech، Susan Conrad and Edward Finegan (1999). *Longman Grammar of Spoken and Written English*. Edinburgh: Pearson Education Limited.

Carstairs-McCarthy، Andrew (2002*). An Introduction to English Morphology: Words and Their Structures*. Edinburgh: Edinburgh

Frank، Marcella (1972) . *Modern* English. New Jersey: Prentice Hall، Inc. Englewood Cliffs.

Gleason، H. A. (1961). *An Introduction to Descriptive Linguistics*، rev. ed. London: Holt، Rinehart and Winston.

Greenbaum، Sidney and Randolph Quirk (1990). *A Student's Grammar of the English Language*. London: Longman.

Huddleston، Rodney (1984). *Introduction to the Grammar of English*. Cambridge: Cambridge University Press.

Katamba, Francis (1993). Morphology . London: Macmillan Press LTD

Leech، Geoffery and Jan Svartvik (1975). *A Communicative Grammar of English.* London: Longman Group Ltd.

Lieber, R. (2012). Introducing Morphology. 3rd ed. Cambridge: Cambridge University PressInc.

Lyons, John (1981). Language and Linguistics: An Introduction Cambridge: Cambridge University Press.

Sinclair، John، Lorena Knight and Michela Clari (2004). *Collins Cobuild English Usage.* Glasgow: Harpercollins.

Sinclair، John، Lorena Knight and Michela Clari (2005). *Collins Cobuild English Grammar.* Glasgow: Harpercollins.

Stageberg, N. C. and Oaks, D. D. (2000). An Introductory English Grammar. 5thed. USA: Harcourt Press.

Stageberg، Norman C. (1971). *An Introductory English Grammar.* New York: Halt، Rinehart and Winston.
University Press.

Othman, Dlakhshan Yousif (2002). Number Systems in Standard English and Kurdish: A Contrastive Study. Unpublished M. A. thesis, University of Salahaddin.

**The Grammatical Bound Morphemes of Nouns in Kurdish and English languages: A Comparative Study**

**Omed Samad Ahmad**
Kurdish language department, college of basic education, Salahaddin University-Erbil
omed.ahmad@su.edu.krd

**Badrkhan Suleiman Ali**
Kurdish language department, college of basic education, Salahaddin University-Erbil
badrkan.ali@su.edu.krd

**Abstract**

This is a comparative study aimed at the grammatical bound morphemes of nouns of Kurdish and English languages. It attempts to demonstrate grammatical bound morphemes of nouns in both languages. Apart from an introduction and conclusion, the study includes these parts: bound morphemes, types of bound morphemes (Affix, clitics, base) the grammatical bound morphemes of nouns in Kurdish and English languages. At the end, it has been stated the most important similarities and differences in grammatical bound morphemes of nouns in both languages.

**Keyword:** Bound Morpheme, Grammatical Bound Morphemes, Kurdish language, English language, Comparative.

**المورفيمات النحوية المتصلة بالإسم في اللغة الكوردية والإنجليزية: دراسة مقارنة**

**أوميد صمد احمد**
قسم اللغة الكردية - كلية التربية الأساسية /جامعة صلاح الدين-أربيل
Omed. ahmad@su.edu.krd

**بدرخان سليمان علي**
قسم اللغة الكردية - كلية التربية الأساسية /جامعة صلاح الدين-أربيل
badrkan.ali@ su.edu.krd

**ملخص**

هذا البحث المعنون بـ(المورفيمات النحوية المتصلة بالإسم في اللغة الكوردية والإنجليزية :دراسة مقارنة) محاولة لعرض نقاط التشابه والإختلاف بين أسلوب توظيف المورفيمات وأشكالها في لغتين مختلفتين.

يتناول البحث – ماعدا المقدمة والخاتمة- المحاور الآتية: (مفهوم وتعريف المورفيمات المتصلة في اللغة الكوردية، المورفيمات المتصلة بالإسم في اللغة الكوردية والإنجليزية، التشابه والإختلاف بين المورفيمات النحوية المتصلة بالإسم بين اللغة الكوردية والإنجليزية).

وقد أظهرت نتائج البحث أن هناك تشابهات واختلافات بين المورفيمات النحوية المتصلة بالإسم في اللغتين المذكورتين..

**الكلمات الرئيسية**: مورفيم المقيدة ، مورفيم المقيدة الاعرابية، لغة كردية ، لغة إنجليزية ، مقارن.